گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەهای جوانیناسانەی دەربڕین لە وێنەکێشانی تەلارسازیی ئیسلامی

## (منارەی مزەفەریە لە هەولێر) بە نمونە

**ڤینۆس ئیسماعیل بەکر**

بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

venus.baker@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٦/١/١٨

پەسەندکردن:٢٠٢٦/٣/٨

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

***Aesthetic, Expressive, Painting , Architecture, Minaret***

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.26

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی بەها جوانیناسانەی دەربڕین لە وێنەکێشانی تەلارسازی ئیسلامیدا، منارەی مزەفەریەی لە هەولێر وەکو نمونە وەرگرتووە، هەروەها دوایی دیاریکردنی کێشە و گرنگی وناساندنی چەمکە گرنگەکانی توێژینەوە، باس لە بەهای جوانیناسی لە هزری فەلسەفەی ئیسلامی و ڕەنگدانەوەی بەهای ئەم جوانیە لەسەر شێوازە هونەریەکانی تەلارسازی منارەی ئیسلامیدا دەکرێت، لەدوایدا کورتەیەک لەسەر مێژووی منارەی مزەفەریەو شێوازە سەلجوقیەکەی، کە چۆن ئەم منارەیە ئیلهامی بەخشیووە بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندانی هەولێر لە دەربڕینی ئەم تەلارسازیە لە نێو وێنەکێشانیاندا. بۆیە میتۆدی (وەسفی شیکاری) بۆ شیکردنەوەی هەر سێ نمونەکانی ئەم توێژینەوە بەکارهاتووە، لە ئەنجامدا بەهای جوانی تەلارسازی ئیسلامی منارەی مزەفەریە، وەک هێمایەکی مێژوویی و رۆحی کە ڕەنگدانەوەی لە لایەن هونەرمەندانی هەولێر وەکو ناسنامەیەکی کلتوری و شوێنەواریە، کە هاوسەنگی و بەهای جوانی هەیە، لەهەمانکاتدا وەکو سیمبولیزمە، گونجاوە لەگەڵ سروشت، دوورە لە زیادەڕۆیی ڕازاندنەوە و سادەییە ولەژێر تایبەتمەندی جوانیناسی فەلسەفەیی ئاینی ئیسلامە. منارە پەیوەندی بە ئاین بە شوێنەوار و ڕۆح ومێژوو دەردەبڕێت لە تابلۆدا، وەکو شایەتێک بەشدارە و بە زیندویی دەمێنێتەوە لە یادەوەری کۆمەڵگای هەولێر. هەروەها کاریگەری خۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

لەسەرهونەری وێنەکێشانی کوردی دەردەخات، بۆیە ڕاسپاردەی توێژەر بۆ هونەرمەندان تیشک بخرێتە سەر تەلارسازیەکان وەک سەرچاوەی ئیلهام بۆهونەری شێوەکاری هاوچەرخ، هەروەها بە پەرەپێدانی کارە هونەرییەکانیان بەگوێرەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی سەردەمیانە.

## پێشەکی:

تەلارسـازی ئیسـلامی یەکێکە لە دیارترین بوارەکانی داهێنانی هونەری کە بەهای جوانی و دەربڕین لە کەلەپووری کەلتووری ئیسـلامیدا بەرجەسـتە دەکات، منارە یەکێکە لە توخمە دیارەکانی تەلارسـازی کە کاری ئایینی روحی و جوانی تێکەڵ دەکات وکارلێک کردنی هونەر لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامی دەردەبڕێت. لەنێو نمونەی دیارەکانی ئەم هونەرە، منارەی موزەفەریە لە هەولێر وەک نمونەیەکی بێهاوتا دەردەکەوێت کە ڕەنگدانەوەی جوانی تەلارسـازی ئیسـلامی و بێهاوتای لە دەربڕینی سـیمبولی و ڕازاوەیە. منارەی مزەفەریە لە سـەر بنەمای فەلسـەفەی تەلارسـازی ئیسـلامی سـەرچاوەی گرتووە، بەڵام تەنها ئەرکی تەلارسـازی ئەنجام نادات، بەڵکو هەڵگری مانای سیمبولی و ناسـنامەیەکی ڕۆحی و مێژووییە. ئەم بەهای جوانی ئەم ناسـنامەیە لەلای هونەرمەندانی کورد بە شـکۆمەندی و نەمری دەریانبڕیوە، هەروەها پێکهاتەی سـتوونی و بەرزبوونەوەی بەرەو ئـاسـمـان و تەوزیفکردنی لە نێو نیگـارەکـانیـانـدا دەرخسـتنی گرنگی سـەقامگیری و خۆڕاگری و هەسـتی نەتەوایەتیە پێش ئاینی. بۆیە دەبێتە هێمای شـوناسـی کولتووری لە نێو بۆشاییە ڕەنگاوڕەنگەکاندا کە گوزارشت لە هەستە بابەتییەکانی پەیوەست بە شوێنەکە دەکات.

## 1- ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە :

### 1-1-گرفتی توێژینەوە:

هونەری تەلارسازی ئیسلامی لەمانایەکی بەرتەسکدا دەلالەت لە هونەرێک دەکات، کە تایبەتمەندیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندن لەسەر بنەماکانی ئیسلام، منارەی مزەفەریەش نمونەیەکی زیندووی قووڵی بەهای جوانی و دەربڕینە لە تەلارسازی ئیسلامی لە کوردستان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

چونکە هەڵگری مانا و دەربڕینی یەکتاپەرستیە لەنێوان شوناسی ئایینی ورەهەندی رۆحی بەرجەستەی دەکات، هەروەها ئەرکەکەی تەنها بە لایەنی فیزیکی و شارستانییەوە سنووردار نییە، بەڵکو تیشک دەخاتە سەر گەیاندنی پەیامی ئایینی و کەلتووری و جوانی موسڵمانان بە درێژایی سەردەمەکان کە چۆن توانیویانە شێوازی تەلارسازی منارە بگۆڕن، کە لە دوایدا هونەرمەندانی کوردستان بە ئیلهام وەرگرتن لەم گۆڕانە تەلارسازییە کردوویانە زمانێکی دەربڕینی بینراو، منارەی مزەفەریەیان بە شێوازێکی هونەری بینراو دەرپڕیوە کە جۆرەها دەرپڕینی سیمبولی ڕۆحی و کەلتووری هەیە، لە هەمانکاتدا پەیوەندی هەیە لە نێوان هونەری وێنەکێشان و تەلارسازی ئیسلامیدا وەک هەڵگری ناسنامە و پەیام دەردەخات، بۆیە توێژینەوەکە لەم پرسیارەی خوارەوە پێکدێت.

- ئایا هونەرمەندانی کورد چۆن بەها جوانییناسیەکانی دەرپڕینی منارەی مزەفەریەیان لە تابلۆکانیان دەربریوە؟

### 1-2-گرنگی توێژینەوە:

1. نیشاندەری زمانی پەیوەندی کولتووری نێوان سەردەمەکان و پێکهاتنی تەلارسازی بەها جوانیناسانەی نێوان هونەر و تەلارسازی نیشاندانی ڕەهەند و دەربڕینی سیمبولی و جوانیناسی تەلارسازی ئیسلامی کە هەڵگری مانای ڕۆحی و کەلتووریە و گوزارشت لە یەکتاپەرستی وناسنامەی ئیسلامی دەکات .
2. پەیوەندییەکی گرنگ دەخاتە ڕوو بۆ پاراستنی کەلتووری تەلارسازی ئیسلامی کە یارمەتیدەرە بۆ دۆکیۆمێنتکردن و پاراستن و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی هونەریی بۆ شوێنەوارێکی گرنگی ئیسلامی لە کوردستان.
3. تیشک دەخاتە سەر تابلۆی هونەرمەندانی کوردستان کاتێک ئیلهام لە ڕەگەزەکانی تەلارسازی ئیسلامی وەردەگرن و دەیانگۆڕن بۆ سیمبول، پەیوەندی لە نێوان هونەر و تەلارسازیدا قووڵتر دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-3-ئامانجی توێژینەوە:**

- ئاشکراکردنی بەها جوانیناسانەی دەربڕین لە وێنەکێشانی تەلارسازی ئیسلامیدا (منارەی مزەفەریەی هەولێر) بە نمونە.

**1-4- سنوری توێژینەوە:** لەڕووی بابەتیەوە توێژینەوەکە کارکردنە لەبارەی(منارەی مزەفەریەی هەولێر لە نێو نیگارکێشاندا)، سنووری کاتی لە ساڵی (2020-2024)، لە سنووری شوێنی شاری(هەولێر).

**1-5-چەمکەکانی توێژینەوە:**

**1-5 -جوانیناسی:(Aesthetic)**

- **لە زمانەوانیدا:** ئیبن فارس لە فەرهەنگی (مقاييس اللغة) دەڵێت: "جیم و میم ولام دوو بنچینەن یەکێکیان گەورەیی خالقە و ئەوی دیکەیان چاکەیە دژی ناشیرینیە. هەروەها جوانی لە زماندا لە دەوری ڕازاندنەوە، جوانی، شکۆمەندی، و تازەیی دەخولێتەوە". (الكوفي، ب،ت:481).
- **دەستەواژەی جوانیناسی:** بابەتی جوانی درکپێکردنی بەهای جوانیە، کە ئەمیش بەهایەکی ئەرێنیە سەرچاوەی سروشتە، ئێمەش بە شێوەیەکی بابەتی دروستمان کردووە. (سانتيانا،2011:74) بەهاکانی هونەری جوان و فەلسەفەی جوانی مامەڵە لەگەڵ لایەنە تیۆرییەکانی هونەرە جوانەکان دەکات بە مانایەکی فراوان تێکەڵکردنی لەگەڵ کارە هونەرییەکان، یان لەنێوان ئەو و ئاراستەی دەربڕینی هونەردا. (عباسي، 1987:69)
- **پێناسـەی ڕێکاری:** جوانی لە تەلارسـازی ئیسـلامیدا دەربڕینێکی بینراوی هاوسـەنگی و هاوئاهەنگییە، هەروەها بەرجەسـتەکردنی بەها ڕۆحی و کەلتوورییەکانە لە ڕێگەی ڕازاندنەوە، دووبارەکردنەوە، هاوسەنگی و خۆشنووسی و فۆرم بۆ بەدەستهێنانی بایەخێکی سیمبولی کە ئەزموونەکانی بینراو دەوڵەمەند دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

### 2-5- دەربڕین(Expression) :

- **لە زمانەوانیدا** "بڵێ شێوازی دەربڕینی جوان، سەرکەوتوو، ئەم پیاوە بەباشی لەسەر خۆی دەردەبڕێت". ئەگەر ووتن ڕاست بێت، بە مانایەکی تر: هەمان مانا دەردەخات – وەک خۆی دەڵێت: بەگوێرەی ئەوەی دەیڵێت، بەگوێرەی قسەکانی.(داود،690:2003)
- **دەستەواژەی دەربڕین:**" گوزارشتە لە مانای گشتیدا، ئاماژە بە تایبەتمەندییە ناسراوەکانی کاری هونەرمەند یان گروپێک لە هونەرمەندان و شێوازی گوزارشت کردنی هونەرمەندان لە سەردەمەکەیان، بە زمانێک کە بەهای جوانیناسی دەوڵەمەند بێت"(محەمەدی،200:2017).
- **پێناسەی ڕێکاریی دەربڕین:** کۆمەڵێک دەرخستەی بەهای هونەرییین کە سەرچاوەی سەرەکیە بۆ هونەرمەند لە بواری وێنەکێشاندا کە شێوەکان بە پێ دەربڕینی خۆیی دەگۆڕێت.

### 3-5-تەلارسازی (Architecture)

- **لە زمانەوانیدا:** "تەلارسازی پێچەوانەی وێرانکارییە. دەگوترێت: پیاو کاتێک تێیدا نیشتەجێ دەبێت و زیندووی دەکاتەوە. تەلارسازی واتا بیناسازی" (ابن منظور،6097:2003)، "تەلارسازی بریتییە لە دروستکردن و ڕێکخستنی تەلارسازی، ئەوەی ناودەبرێت بینا بە پێچەوانەی وێرانکاری"(الوسیط،737:2011).

- **دەستەواژەی تەلارسازی ئیسلامی:** "هونەرێکە پێویستی بە بەکارهێنانی کەرەستە هەیە، هەروەها بە پەیڕەوکردنی ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە فۆرمێکی کۆتایی کە چێژی لێوەربگرێت. تەلارسازی بەم شێوەیە ناسراوە: زانست و هونەر کە بەهۆیانەوە توخمە بنەڕەتییەکانی ژینگە کۆنترۆڵ دەکات، لە زەوی، با و خۆرەوە، و ئەوەی پەیوەندی بە توخم پێکهاتەکانی هەیە وەک خاک، بەرد، شێداری، ئاسن، دار، گەرمی، ڕووناکی و ئەوانی تر، بۆ بەکارهێنانی ئەم توخمانە و گەیشتن بە باشترین بەهای تەلارسازی". (السراج، 2015: 210)

**پێناسەی ڕێکاریی**: تەلارسازی ئیسلامی لە جوانناسی هزر و ڕوانگەوە یەکگرتوون و یەکێکە لە شوناسی ئاینی و مەعنەویی، شێوازی تەلارسازی جۆراوجۆر پیشاندەری ڕۆحی باوەڕی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکتاپەرستانەی موسڵمانانە کە بەشێوەیەکی تەجریدی بەکاریانهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانج و خواستەکانیان لەم دونیایەدا.

## 2- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

### 2-1-بەهای جوانیناسی لە هزری فەلسەفەی ئیسلامیدا:

بـابەتی جوانی وهونەر هەر لەســـەردەمـانی یۆنـانی کۆنەوە تـا ئەمڕۆ جێی گفتوگۆ و بیرکردنەوە و وتووێژە لە لایەن فەیلەســـوفان و بیرمەندان، بۆیە هەندێکجار بۆ چوونەکان دژیەکن، هەندێکجاریش هاوڕان لەسەر بابەتی جوانی، بەڵام بێ گومان زۆرینە هاوڕان کە هونەر بریتیە لە جوان و بوون لە ڕێی خۆداماڵین کە لە ناپـاکیەکـان وە دەســـتـدەهێنرێـت، هەر ئەم هونەرەش وا دەکـات کـاری هونەری هونەرمەنـد جوان دەرببڕێـت، کەواتە جوانی لە بـابەتێکی مەعریفیە و مرۆڤ لە ڕێی خودناسـینەوە دەگات بە جوانی، چونکە جوانی تەنیا پەیوەسـت نیە بە بابەتی هونەرەوە بەڵکو فەزیلە و ڕەوشـتیش جوانن. (أبو دبسـة، والاخرون،2010:82-83). بەڵام جوانی لە فەلسـەفەی ئیسـلامدا سـیسـتەمێکی فکرییە، لە ژێر ڕۆشـنایی شـارسـتانیەتی ئیسلامدا سەریهەڵداوە و پەرەی سەندووە، چونکە (بەها جوانییەکان لە بیری ئیسلامیدا لەسەر بنەمای قورئانی پیرۆز و ســوننەتی پێغەمبەر وەک دوو ســەرچاوەی ســەرەکییە، کە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی یارمەتیدەر بوون لە بنیاتنانی سیستەمێکی جوانی یەکخراو. ئەم بەهایانە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا سەریان هەڵدا، کە کاریگەربوون بەدەق و ڕێنماییەکانی ئیسلام، بۆیە گوزارشتیان لە گرنگی جوانی لە واقیعی موسڵمانانیدا کردووە. بەڵکو هەموو لایەنەکانی ژیانیان گرتەوە و وشـە جوانیەکانی قورئانیان بە شـێوەی جۆراوجۆر دەربڕیوە)،(نصـرە،2025:144). هەروەها بیرکردنەوەیەکی عەقڵانیە، کاتێک هەوڵی تێگەیشتن لە مەسەلەکانی بوون و مەعریفە و ئەخلاق و گەردوون و مرۆڤ دەکات، لەنێوان بیرکردنەوە لە ئەبســـتراکت ودەقە پیرۆزەکان وتێڕوانینی عەقڵانی وکەلەپووری ڕۆحی ئیسلامی، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە فەلسەفەی یۆنانیدا بەتایبەتی لەسـەرەتادا. بۆیە تەنها فەلسـەفەی موسڵمانان نییە، بەڵکو فەلسـەفەیەکی تایبەتە کە نوێنەرایەتی تێکەڵبوونی عەقڵ و وەحی دەکات، لە هامانکاتدا مامەڵە لەگەڵ جوانی کردووە، لە ڕوانگەیەکەوە عەقـڵ و وەحی تێیـدا تێکەڵ دەبن. تێڕوانینی جوانی لەم چوارچێوەیەدا جیـا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

نەبۆتەوە لە چەمکی گەردوونی و ڕێنمایەکانی ئایین، بەڵکو باوەڕبوون بە یەکبوونی جوانی پەروەردگار و بوون سەرچاوەی گرتووە، کە تایبەتمەندییەکانی لە پەروەردگار و گەردوون دەردەکەون. هەر بۆیە فەیلەسوفەکانی ئیسلامی وەک فارابی و ئیبن سینا، جەختیان لەسەر ڕێژە، هارمۆنی و جوڵەی ڕۆح بەرەو کامڵبوون کرد، وەک پێوەری جوانی دەروونی و ڕۆحی.(Leaman, 2004:33).

(أبو حيان التوحيدي 922- 1023ز) باوەڕی وایە کە جوانی لە جوانی ڕەهاوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها هەموو جوانییەک لە جیهاندا قەرزداری فراوانی خوای گەورەیە، چونکە ڕەگی هەموو هەستێکی جوانییە. بۆیەجوانی هەستی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت :کاملی لە ئەندامەکان و گونجاندن لە بەشەکانی توانای هەناسەدانە، ئەم جوانییە ڕێژەییە هەستیارانە هەست پێدەکرێت و بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت، بەڵام کەمالی خودایی جوانییەکی ئەبەدییە و نەگۆڕە، بە عەقڵ هەستی پێدەکرێت، و ڕۆح هان دەدات بۆ ئازادی و لاسایی کردنەوەی، جوانی لەلای (التوحيدي) تەنها هەست نییە، بەڵکو پردێکە کە هەستەکان بە مێشک و ڕۆحەوە دەبەستێتەوە. (التوحيدي، 27:2019). هەروەها درکپێکردنی جوانی لەلایەن تەوحیدیی وەک وەڵامدانەوەی ڕۆح و هەڵچوونەکان بە شێوەیەکی جوان دروژێنێت لە ڕووی چێژ و سەرسوڕمان و تێڕامان و کاریگەری لەسەر دڵ و ڕۆح و عەقڵ لە ڕێگەی جێژوەرگرتن و بیرکردنەوە و خەیاڵەوەیە.(قلعةجي،16:1991)

بەڵام (أبن سينا 980-1037ز) پێیوایە جوانی تەنیا ماددی نییە، بەڵکو بنەمایەکی لە ڕۆحی وعەقڵدا هەیە و عەقڵ لە نێوان باش و ناشرین جیا دەکاتەوە بە گوێرەی گونجاندنەکەی لەگەڵ وێنە و ژیری، بەڵکو (أبن سينا)جوانی وا پێناسە دەکات بە "جوانی ڕۆح چێژی لێ وەردەگرێت کاتێک هەستی پێدەکرێت"(المصباحي، 32:2013)، ئەم چەمکە وەڵامدانەوەی هەست لەگەڵ قبووڵکردنی عەقڵی تێکەڵ دەکات، واتە درکپێکردن بە جوانی تەنها بۆ دیمەنەکانی دەرەوە سنووردار نییە، بەڵکو پەیوەندی بە گونجاندن و ڕێژەیە، کە عەقڵ و ڕۆح بەیەکەوە هەستی پێدەکات، هەروەها هەستی چاکە لەگەڵ درکپێکردنی عەقڵانی بە هارمۆنی تێکەڵ دەکات، لەم ڕوانگەییدا جوانی لە ڕاستی و چاکە نزیک دەکاتەوە و هونەر و جوانی لە لایەک و کامڵیی مرۆڤ لە لایەکی ترەوە دەبەستێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها جوانی لە لای(غەزالی 1058–1111ز) لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان دیار و نادیاردا مامەڵەی لەگەڵ کردووە، و جەختی لەوە کردووەتەوە کە جوانی دەرەکی بە کامڵ دادەنرێت مەگەر لەگەڵ جوانی ناوەکیدا وەک ڕەوشت و مەبەست و ڕاستگۆییدابێت. هەروەک لە کتێبەکەیدا (إحياء علوم الدين) ئاماژە بەوە دەکات کە "وێنەیەکی باش جێگەی ڕەفتاری باش ناگرێتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە جوانی ڕەوشت بە پلە یەک دادەنرێت لە ئیسلامدا، خودی پەرستن ڕەهەندێکی ئێستێتیکی هەیە کاتێک بە دڵسۆزی و هارمۆنی و ئارامی ئەنجام دەدرێت (الغزالي، 123:2004) .

(عبدالغني الشال 1916-2011ز) دەڵێت: بەدەستهێنانی جوانی و بەرکەوتنی زۆر سەخت و ئاڵۆزە، بەڵام لەبەر ئەوەی واقیعێکی هەنووکەییە، دەبێت سیفەتێک یان کۆمەڵێک تایبەتمەندی بێت کە بەگشتی لە بەهای شتە سروشتییەکاندا وبە سیستەمێکی دیاریکراو و پەیوەندییەکی تایبەتین کە هەستی خۆشی و ڕەزامەندی دروست دەکەن، ئەم بەهایانە پێویستن چونکە لایەنێکی زیندووی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتین. (الشال،60:1984) .

بۆیە فەلسەفەی جوانی ئیسلامی کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تەلارسازی ئیسلامی هەبوو، ڕەهەندێکی ڕۆحی و سیمبولی و جوانی تێکەڵ کردووە. چونکە ئەم کاریگەرییە تەنها لە فیکری و فەلسەفی جوانی ئیسلامی و گەردوون و بوون و پەیوەندی هونەرمەندی موسڵمان لەگەڵ خودا سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر چی هونەری تەلارسازی ئیسلامی لەسەرەتا بۆ پەرەسەندن لە زۆر سەرچاوە ئیلهامی وەرگرتووە، وەک تەلارسازی (ڕۆمانەکان، مەسیحیەکان، بیزەنتی، ساسانی، دواتر ئاسیای ناوەراست و چین) ، بەڵام ئەوەی ناسنامەی بە تەلارسازی ئیسلامدا کاریگەری باوەڕی نزیکبوونەوە لە خودا بوو، "تایبەتمەندی جوانیش بە ڕەنگدانەوەی سفەتەکانی خودا دادەنرێت، هەروەک لە فەرموودە ڕاستەقینەکانیدا هاتووە (الله جميل يحب الجمال)، بۆیە جوانی تەنها ئامانجێکی دنیایی نەبوو، بەڵکو ئامرازێکی روحی بوو بۆ دەربڕینی هونەرمەند و ئەندازیاری موسڵمان"(أبوالحسن، 54:2001)، کە وای لە تەلارسازی ئیسلامی کرد هەڵگری ڕۆحێکی سۆفی و ڕۆحی لە تەلاسازی دنیایی و ئاینی هەستی ئارامی بدات، بەڵکو بۆ وەبیرهێنانەوەی گەورەیی پەروەردگار بۆ مرۆڤە. پێکهاتەی دووبارەکردنەوە لە مۆزایک، ئەرابێسک و زەخرەفەی ئەبستراکت وەک ئامرازی سیمبولین، (هونەرمەندی موسڵمان لە

لاسایی کردنەوەی سروشت دوورکەوتەوە، جەختی لەسەر بیرۆکەی ئەبستراکردنی ڕووەک کرد، خۆی لە ڕوانگەی واقیعی دوورخستەوە و داهێنانیکرد لە دووبارەکردنەوەو ڕازاندنەوەی شێوەکان بە شێوازێکی گونجاو بێت کە چاو ماندوو ناکات).( مهدي،296:2019). بۆ جەختکردنەوە لەسەر بیرۆکەی یەکتاپەرستی خودا و دووبارەبوونەوەی ڕەگەزەکانی جوانی لە تەلارسازی ئیسلامیدا کە دەرخستەی فەلسەفەی ئیسلامیە.

لە تەلارسازی ئیسلامی نەبوونی وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ لە زۆربەی زەخرەفەکاندا و جەختکردنەوە لەسەر شێوە ئەندازەیی و ڕووەکەکان، لەسەر مادده نەک ڕوخسار، لەسەرهاوسەنگی نێوان ماددی و ڕۆحی، لەنێوان ڕازاندنەوە زەخرەفە و کردارو سادەی، بنەمایەکی جوانی بنچینەیی بوو. ئەم دەربڕینە لە ڕێکخستنی کۆشک و مزگەوتەکان نیشان دراوە، حەوشە، تاق، فوارەکان، منارە، هەموویان هاوسەنگییەکی ناوخۆیی و دەرەکی دەردەبڕن. لە هەمانکاتدا بەکارهێنانی ڕووناکی پەنجەرە بە شێوەیەکی ڕۆحی و ئارامی بێتە ناوەوە، هەر بۆیە (جوانترین ڕووی ئەندازەیی و شارستانی و هونەریی لە هەموو شار و گەڕەک و شوێنێک مزگەوتە، لە قوببە و منارە وزەخرەفە جوانی هەیە، چونکە بەروبوومی زینەتی قورئانە، یەکێکە لە تیشکدانەوەکانی و بریسکانەوە و جوانی پەنگ خواردنەوە و دەرهاویشتەی قورئانە).(پێنجوینی، 2016: 31).

لە لایەکی تر تەلارسازی ئیسلامی زمانێکی ڕەمزیە کە هێما هەڵدەگرێت(شێوە1)، چونکە هەر توخمێکی تەلارسازی پەیامێکی هەیە، جوانیەکەشی لەم پەیامەیە وەکو ناوەڕۆک بۆ شێوەی توخمە تەلارسازیەکە، بۆیە جوانی لە فەلسەفەی ئیسلامی ڕەتیکردۆتەوە شێوە لە ناوەڕۆک جیا بکاتەوە، هەروک نافوورە لە ناوەڕاستی حەوش لە تەلارسازی ئاینی ئیسلامی هێمای پاکی و پاکیزەیی ڕۆحییە، جگە لەوەی وەزیفەی هەیە وەک دەستنوێژشووشتن لە ئیسلامدا، گومەز هێمای ئاسمان و بێکۆتاییە، هەروەها دەرگا ڕازاوە گەورەکان، گوزارشت لە گواستنەوە دەکەن لە جیهانێکی دنیاییەوە بۆ شوێنێکی پیرۆز، منارەش هێمای بەرزبوونەوە و بانگکردنی ڕۆحییە، بیرۆکەی بێکۆتا و کراوەیی بۆ کەلتوورەکان لەگەڵ پاراستنی ناسنامەیە. سەرەڕای ئەم تێڕوانینە لە تەلارسازی ئیسلامی لە چەندین ناوچەی جیاواز، بەڵام هەردەم فەلسەفەی جوانی ئیسلامی یەککگرتووی هەیە وخۆی لەگەڵ دەقەپیرۆزەکاندا گونجاندووە بەبێ ئەوەی ڕۆحیەتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

تایبەتمەندی خۆی لەدەست بدات، ئەمە فەلسەفەی جوانی ئیسلامی لە دەربڕینی تەلارسازیدا دەردەخات.




**تایبەتمەندی فەلسەفەی جوانی ئیسلامی لەسەر تەلارسازی (شێوە1)**

## 2-2-دەربڕینی شێوازە هونەریەکانی منارەی مزگەوتەکان:

تەلارسازی ئیسلامی لە ڕووی سیما و ڕۆحییەوە لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا یەکگرتوو بوو، لە ئاسیای ناوەڕاستەوە تا کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسی، یەک لە دوای یەک ئەم سیما و ڕۆحەیان پاراست، تەنانەت لە یەک تەلارسازیدا کە بە درێژایی سەدەکان نۆژەیان دەکردەوە. پیشەکار و ئەندازیاران ئارەزووی شێوازی ڕەسەن بوون، چونکە ڕێزیان لە کارەکانی پێش خۆیان دەگرت، ئەمەش لە زۆربەی مزگەوتەکان بەدیدی دەکرێت وەکو کۆردۆبا، مزگەوتی ئیبن تولون منارەی مەلوییە. (عکاشە،57:1994). هەروەها (عکاشة) جەخت دەکاتەوە کە جیهانی ئیسلامی تەنها لاساییکەرەوەی هونەری بیزەنتی و ساسانی نەبووە، بەڵکو وەریگرتووە و گۆڕانکارییەکی بۆ زیاد کردووە، بە جۆرێک لەگەڵ ژینگە و سەلیقە و دەقە پیرۆزەکانی ئیسلامیدا بگونجێت، بەم شێوەیە شێوازێکی ڕازاندنەوەی بێهاوتا و هاوسەنگ دەردەخات، (عکاشە، 33:1994) هەروەک منارە لە جیهانی ئیسلامیدا تاوەرێکی بەرزە لە تەنیشت مزگەوت بۆ بانگەواز بەکاردێت هێمای هێز ودەسەڵات و ناسنامەی تەلارسازی ئیسلامیە. چونکە (هونەرمەندی موسڵمان

سەرکەوتوو بوو لە دەربڕین وهەمئاهەنگیی وگەردوونیی تەواو، کە گوزارشتە لە ڕەها وسنوور بەیەکەوە و پەیوەندی نێوانیان لە لایەن یەکتاپەرستیەوە دیاریدەکرێت وەک پەتیەکی فیکری).(عیوەزوڵلا،127:2023) بەڵام لە دواییدا کرانەوەی ئاینی ئیسلامی وئاڵوگۆڕی کەلتووری تایبەتمەندی تەلارسازی شارستانیەکانی پێش ئیسلام وکاریگەریی لەسەرهەمەجۆری و دیزاینەکان و شێوازەکانی یارمەتیدەر بوو بۆ ناسنامەی جوانی و کەلتووری ناوچەکان و سەردەمەکان.

منارە ئاماژە بە هێمای ژیان وئومێد دەکات و بە یەکێک لە توخمە دیاریەکانی تەلارسازی مزگەوت دادەنرێت، بۆیە ئەندازیارانی موسڵمان دەیانزانی چۆن دوو توخمی تەلارسازی جیاواز لە پێکهاتەیەکدا بە یەکگرتنێکی جوان دروست بکەن کە هاوسەنگییەک بە مزگەوت ببەخشێت، بینەر پێی ئاسوودە بێت.(مؤنس،1981:1-212)، چونکە منارە بە درێژایی مێژوو سوودی زۆری هەبووە، چ بۆ بانگدان بێت یان ئاماژەکردن بە سیمبولی ئیسلامی بێت لە دووردیاربێت کە ئەم ناوچە تایبەتە بە ئیسلامەکان، بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی لەدوای کرانەوەی ئیسلامی بوون، هەر بۆیە بە پێ ناوجە و کەلتور منارەی مزگەوتەکان بە چەندین شێواز پۆلیندەکرێت وەکو (شێوە2):-

1. **شێوازی ئەمەوی:** چوارگۆشی بەردینی لە بنچینەوە بۆ سەرەوە، کاریگەری تاوەرەکانی کڵێساکانی بیزەنتی لەسەرە. (وەک منارەی مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق).

2- **شێوازی عەباسی:** لوولپێچە خشت بەکار هاتووە، بنچینەیەکی فراوان بەرە بەرە کەم دەبێتەوە وەک (منارەی بەناوبانگی سامەڕا).

**3- شـــێوازی مەغریبی و ئەندەوســـی:** منارەی ئەندازەیی چوارگۆشـــەیە بە ڕەگەزی هێڵ دەوڵەمەندە، وەکو نمونەی: منارەی کوتووبیا لە مەراکیش، منارەی گیرالدا لە سیڤیلیا.

**4- شـــێوازی فاتیمی و مەمالیکەکان:** منارەی نەخشـــی وورد، نەخشـــی کەفییە، و ســـتوونی بچووک، فرە بەکارهێنانی چین و و ڕازاندنەوە. وەکو منارەی مزگەوتی ئەزهەر و مزگەوتی مەمالیکی قاهیرە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:




**5- شێوازی عوسمانیەکان:** منارەی مزگەوتەکانیان شێوەی لوولەکی باریک ولوتکەی قووچەکی تیژن، هەروەها زیاتر لە منارێک لە مزگەوتێکدا هەیە، وەکو مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد (مزگەوتی شین) لە ئەستەنبوڵ (Janson ,2007:294-308)

**6-سەفەوییەکان:**منارەکانیان داپۆشراون بە پۆرسەلین و کاشی ڕەنگاوڕەنگ، مۆزایک، زەخرەفەی گوڵ و هێڵ، لوتکەی منارەکە زۆرجار کورت و تیژە وەکو منارەی مزگەوتەکانی ئەسفەهان. (لبیب، 38:2023)

**(شێوازە جیاوازەکانی منارە)،(شێوە2)**

شێوازی ئەم مەنارانە لە تەلارسازی ئیسلامی دەوڵەمەند و جۆراوجۆرن، چونکە ڕەنگدانەوەی کارلێکی نێوان ئایین و هونەر و ژینگەیە بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان لە ژێر کاریگەری کەلتووری و ناوچەیی بوو وەکو (ئاووهەوا، کەرەستەی بیناسازی و ژینگەیی)، لە لایەکی ترموسڵمان گرنگی بە ڕووناکی داوە وەکو توخمێکی گرنگی تەلارسازی چونکە(جوانی ڕووناکی لە تەلارسازی ئیسلامی جەوهەری شتەکان دەردەخات، پشت دەبەستێت بە دەربڕینی هەستی و سیمبولی لە ڕێگەی ڕووناکی و سێبەر، بۆ بەرجەستەکردنی زەخرەفە و چەمکە ڕۆحیەکان. هونەرمەندی موسڵمان هەوڵ دەدات کامڵی دەربهێنێت لاسایی واقیع نەکاتەوە، بەڵکو بە ئەبستراکت کردنی شتەکان و بەستنەوەیان بە ڕەها، چونکە ڕووناکی نوێنەرایەتی توخمێکی گرنگە، ڕەنگدانەوەی یەکیەتی گەردوون دەکات لە دەربڕینی جوانی خودایی و جوانی ڕەها).(البهنسي،1997:20).

**2-3- خوێندنەوەیەکی مێژووی لەبارەی تەلاسازی منارەی مزەفەریە:**

تەلارسازی ئیسلامی لە سەرەتای دامەزراندنیدا لەسەر بنەمای ڕۆحانییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها تایبەتمەندیی دەستکەوتەکانی لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی لەیەکدەچن، لەگەڵ کەمێک جیاوازی کە هەر ژینگەیەک هەڵیدەگرێت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بە بەهرەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆماوەیی خەڵکی ناوچە نوێنەرایەتی دەکرێت، کە بریتین لە زەخرەفەی تەلارسازی و ئەزموونی دابونەریت. (عكاشة، 1994:20). باشترین نمونەش لە کوردستان منارەی مزەفەریە، کە بە کۆنترین تەلارسازی ئیسلامی و مێژوویی ئەم ناوچەیە دادەنرێت، دەکەوێتە نزیک قەڵای هەولێر، ئەم منارەیە بەهۆی جوانی شێوازی تەلارسازی ناوبانگی پەیدا کردووە، کە وایکردووە یەکێک لە شوێنەوار و تەلارسازیە ئیسلامیەکان و دیارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دابنرێت. بڕوا وایە دروستکردنی منارەی مزەفەریە دەگەڕێتەوە بۆ (1190–1232ز/ 586–630ک) سەردەمی ئەتابیک، بەتایبەتی سەردەمی سوڵتان (موزەفەردین کۆکباری) کە بە نازناوی تورکی (کۆکبەری) ناسراوە واتا (گورگی شین). ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە "میری کۆکباری شکۆ و پایەی بە شارەکە بەخشی و کردویەتی بە شوێنکی مەزن کە مەبەستی حەوانەوەی بێگانەکان بێت، وەک دانیشتوانی عەرەب کورد و هەروەها ئاماژەی بە چالاکی بازرگانی و کشتوکاڵی کردووە". (الحموي، 1995:138) دروستکردنی ئەم منارەیە لەسەر بنەمای مێژوویی و چوارچێوەی سیاسی ئەو سەردەمە دامەزرابوو، بەڵام لەبەر نەبوونی هیچ نووسراوێک یان نووسینێکی بەردی لەسەر دیواری منارە، بە ووردی ناوی تەلارساز بەرواری دروستکردنی دیار نیە.

ئەم منارە زۆر بە بەرزی دروستکراوە "لە سەرەتادا نزیکەی 45 مەتر بووە، بەڵام بەشێک لە لووتکەکەی بەهۆی هەورە بروسکەیەکەوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بەشێکی داڕما و بۆیە لە ئێستادا گەیشتە 37 مەتر".(شێوە3) (عبد الوهاب، 2020). لە لایەکی تر ڕۆژهەڵاتناس (مستەر ڕیچ)باسی لێوەکردووە کە دەڵێت (منارە دیاریترین شت بوو لەناو شاردا، بەڵام مزگەوتەکەی ڕووخاوە و کەلاوەیە، بنچینەکەشی هەڵکێنراوە وبەردو خشتەکانی لێدەرهێنراون، پێوانەی منارەکە (121) پێ بەرزە، لەسەر سەکۆیەکی (8) گۆشەیی هەڵچنراوە، کە درێژی هەر گۆشەیەکی (9)پێ و (10گرێ)یە، بەرزایی (30-40) پێ دەبێ، لە ناو چێوەکەیدا دوو پلیکانەی پێچاو پێچ هەیە بەیەک ناگەن، بەڵام دەتگەیەنێتە لوتکەی منارەکە)،( ڕیچ، 2002، لا309)، هەر لەم ڕۆژەش مستر ڕیچ وێنەیەکی هەولێری کێشا قەڵای لە دوور نیشان دەدات، کە تیایدا (قەڵاو منارەی بەیەک بەرزی لە دوورە نیشان داوە، بۆ ئەوەی بەهای جوانی مێژووی شارستانیەت بە دوو شوێنەواری گرنگ لەشاری هەولێرتۆمار بکات). (بکر،2013:89) (شێوە4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:



لە



**(منارە مزەفەریە)،(شێوە3)          (وێنەی شاری هەولێرلە لایەن مستررێچ) ،(شێوە4)**

مێژوودا منارەی مزەفەریە زۆر گێڕانەوەیی جیاوازی هەیە لەسەر تەلارسازییەکە ، چونکە شێوازی تەلاسازی منارەکە لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی خوارەوە و سەرەوە، یەکەمیان لەسەر شێوەی ئەندازەیی هەشت گۆشەیی بە درێژی یەکسان دروستکراوە تەنها لە دوولا نەبێت، هەر لە ڕووی دەرەوی بنچینە هەشت گۆشەیەکە بۆ هەر یەکیان کەوانەیی نیوە بازنەیی لە بەشی سەرەوەیە هەیە، لە ناوەوی منارەکە دوو پەیژە هەیە کە بەرەو سەرەوە دەڕوات و تەنیا لە سەرەتادا لەسەر زەوی و کۆتاییەکەی لە لوتکەی تاوەرەکە بەیەک دەگەن بۆ ئەوەی ئەو کەسەی سەردەکەوێت نەتوانێت کەسەکەی تری لێوە ببینێت، نهێنی ئەمە تا ئێستا نەزانراوە. دووەمیان شێوەی لوولەکییە کە تیرەکەی کەم دەبێتەوە کاتێک بەرەو سەرەوە سەردەکەوێت، ژمارەیەک پەنجەرەی تێدایە بۆ ڕووناکی و سێبەر بۆ دەرخستنی نەخشی خشتی سووری نەخشێنراوی سەر دیوارەکان و خشتەکان بەیەکەوە لە شێوەی لوولەلی، بازنەیی، و نەخشی تێکەڵاو بە شێوازی کوفی، ومەتریالی خشتی سووتاوی سوور کە تایبەتمەندی بەهێز وخۆڕاگری هەیە، ئەم جۆرە تەلارسازییە تا ڕادەیەکی باش بەرگری ژینگەیی سروشت دەگرێت. ئەم شێوازەش هاوشێوەی زۆرە لە هونەری تەلارسازی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە، بۆیە ڕەنگدانەوەی کاریگەری تەلارسازی سەلجوقیە لەسەر منارەی مزەفەریە، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی دووبارەبوونەوە و هاوسەنگی ئەندازەیی بۆ دروستکردنی ڕیتمی بینراوی هاوسەنگ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4-2- دەربڕینی منارەی مزەفەریە لە وێنەکێشانی کوردیدا:**

گرنگی دەربڕینی منارەی مزەفەریە لەلای هونەرمەندان لەسەرەتا وەک دۆکیۆمێنتی مێژوویی شاری هەولێر بوو، بەتایبەتی لە یەکەم تابلۆدا لە لایەن مستەر ریج (شێوە 4) بەڵام لە لایەن هونەرمەند (عبدالقادر الرسام)،(شێوە5) لە ساڵی (1901) قەڵای هەولێر لەگەڵ منارەی مزەفەریە وەک دوو شوێنەوار بە شێوەیەکی پانوراما لە ناوەڕاستی دەشتایەکی فراواندا نیشان داوە، جوانی منارەی مزەفەریەی بەرز و باریک لە دوورەوە لە لای ڕاستەوە لەدوورەو وەک هێمایەکی ئیسلامی دەربڕیوە، شکۆی پێ بەخشیوە، لەهەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی گرنگی وەک شوێنەوارێکی ئایینی دیار و ئامرازی ڕێنمایی لە دیمەنی سروشتیدا هەیە لە شارێکی دێرینی وەک هەولێر. کەچی بەهای جوانی منارەی مزەفەریە لە تابلۆی هونەرمەند (دانیال قەساب) لە ساڵی (1942)،(شێوە6) لە دەشتی هەولێر بە ڕونی دەرێبڕیوە کە لە ناوەڕاستی زەوییەکی تەختدا بە خانوو و کێڵگەی دەورە دراوە، بە بێ ووردەکارییە بەڵام هەر بەهای جوانی تەلارسازی ئیسلامی و شکۆمەندی مێژوویی خۆی دەپارێزێت. پێکهاتە لوولەکیەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو سەرەوە پێوانە کراوە، تایبەتمەندی ئەرکی ئاینی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ساتێکی ئارامی تۆمار کردووە، بە ڕۆحی ئیسلامی و کەلەپووری دەشتی هەولێر.

بەڵام دەربڕینی منارە لە لایەن (ئەسکەندر عوسمان)، (شێوە7) بە شێوازێکی جیاوازە، بەهای جوانی منارەی ئیسلامی بەرزنیشان دەدات لە ناوەڕۆکەوە، لە شێوەشدا لەسەر گردێکی بەرز هەڵکەوتووە، ڕەنگدانەوەی پێکهاتەیەکیی تەلارسازی سادە، بەڵام بە خۆڕاگری دەوردراوە، بە زەوی سەوز، لە کاتێکدا ڕووبارێک لە ژێریدا بە پردێکی تازە دیزاینکراو تێدەپەڕێت. ئەم جیاوازییە لە نێوان منارەی مێژوویی و ژێرخانی هاوچەرخ تیشک دەخاتە سەر بەردەوامی بوونی کەلەپووری ئیسلامی لە نێو پێشکەوتنەکانی ژیانی مۆدێرن، لە دیمەنێکی ئارام و هاوسەنگدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:


(عبدالقادر الرسام)،(شێوە5)


(دانیال قەساب) ،(شێوە6)


(ئەسکەندر عوسمان)، (شێوە7)

هەروەها لەم تابلۆیانەی گرنگی بە ووردەکاریداوە ئەوەی (مونیرقەساب) ە(شێوە8) کە بەشێوازێکی بەرچاو بەهای جوانی لەووردەکاری نەخشی ئەندازەیی دەربڕیوە، هونەرمەندی جولەکە منارەی ئیسلامی بە شێوازێک دەکێشێت کە پڕە لە ڕێزگرتن لە جوانی ڕۆحی و تەلارسازیی ئیسلامی لە دەشتێکی کراوە لەگەڵ مێگەلە مەڕ کە ئارامیی لادێیی دەبەخشێت و سیمبولی منارە وەک چرایەکی ڕێنمایی و ئاشتی دەربڕیوە. لە کاتێکدا هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (محمد عارف) بە چەند شێوازێک منارە مزەفەریەی دەربڕیوە، بەڵام لەم تابلۆیە ڕەنگدانەوەی جوانییەکی سیمبولی قووڵی هەیە،(شێوە9) قەڵا ومنارە هێمای خۆڕاگریی مێژوویە، ناسنامە لە پێکەوەیی خەڵک لە خۆشی و خەمدا خۆی دەردەخات و وزەیەکی کۆمەڵایەتی دەبەخشێت. هەروەها کارلێککردنی ئەو دوو هێمایە لەگەڵ خەڵکی هەولێر دیمەنێکی بینراوی دەوڵەمەند دروست دەکات، کە یادەوەری کۆمەڵ و سۆزداری بە خاک و کەلەپوور بەرجەستە دەکات، لەگەڵ گێڕانەوەیەکی دیمەنێکی هێمنی بینراوی منارە وەک سیمبولێک پەیوەندی لە نێوان زەوی ئاسمان دروست دەکات، لە هەمان کاتدا منارە لە لای ڕاستی بینەر دانراوە، وەک پاسەوانێکی شار دەردەکەوێت، شایەتحاڵی مێژووە دەوڵەمەندەکەیەتی، کەچی لەلایەن هونەرمەند(نجاة خدر)، (شێوە10) بوونی منارە لە ناوەڕاستی سروشتدا، شوان ومێگەلەکەی ڕەهەندێکی کۆمەڵگای کشتوکاڵی دەبەخشێت، کە ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ ڕۆحیەتی ئیسلامی یەکدەگرێ. لەم پێکهاتەیەدا منارە خۆڕاگری ناسنامەی ئیسلامی و قەڵای دێرین لەبەرامبەر کات و گۆڕانەکاندا بەرجەستە دەکات و دەبێتە خاڵێکی سەرەکی کە مرۆڤ و مێژوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە.





(مونیر قەساب)،(شێوە8)    (محمد عارف)، (شێوە9)    (نجاة خدر)، (شێوە10)

شـــێوازێکی دەربرینی جیاواز لە تابلۆی هونەرمەند (دارا محمد علی) (شـــێوە11)بە دیدی دەکرێت وەک ڕێوڕەسمی نەتەوایەتی و سروتێکی ئاینی کە بە کۆمەڵ لە ڕێگای منارەکە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئاســـمان ماندووانە بەرەو ئامانجێکی بەرزتر لە پەیژە پێچاوپێچەکانی ناو تاوەرێکی سـیمبولی بەرجەسـتە کردووە، ڕەنگی سـووری بەهێز ئاماژەیە بۆ ململانێ، لە کاتێکدا ئاڵای کوردستان نیشانەی هیوا و ناسنامەیە. دابەشکردنی کارەکتەرەکان بە چڕی گوزارشت لە یەکیەتی ئامانج دەکات سـەرەڕای ڕێگا پڕ لە کۆسـپ، پێکهاتەی داینامیکی و گەشـتی تێکۆشـان بەرەو ئازادی نەتەوەی کورد دەکات یان ڕزگاری لە دوایی جەنگدا.

بە پێچەوانەی هونەرمەند (دارا) هونەرمەند (نامق علی) (شـــێوە12) لە ســـاڵی (2022) بە پێوانەیەکی (170X170) سم تابلۆیەکی پڕە لە جوانی زەرد بەرەو پرتقالی، دیمەنەکە هەستی هێمنی ئارامبەخش بە وەرگر دەبەخشـــێت. منارە و قەڵا وەک ســـیمبولێک دەدرەوشـــێنەوە. جیاوازی نێوان وردەکارییەکانی ناوەڕاست و باکگراوندێکی فراوان هاوسەنگییەکی بیرکردنەوە دروســت دەکات کە ڕەنگدانەوەی ســیمبولیزمی شــوێن و ناســنامە دەکات. لە لایەکی ترلە ڕوی بەهای جوانییەوە منارەی مزەفەریە سەرنجی هونەرمەند(عبدالرحمان میرزا) لە شاری هەڵەبجە ڕاکێشـــاوە، لە ســـاڵی (2022)، بە تەکنیکە جوانیەکانی ڕەنگی ئاویی ئامادەبوونێکی بینراو و ئارام و شـکۆداری بۆ منارەکە دەربڕیوە، جوانییەکەی لە سـادەیی و شـکۆمەندیدا دەردەکەوێت، چونکە شـێوازیی سـتوونی منارە لەم کەشـەیەدا هێز نیشـاندەدات کە هاوسـەنگیی تەلارسـازی لەگەڵ بۆشـایی فراوانی دەوروبەری دروستکردووە پێکهاتەی نەرم و سێبەری سـەر ڕووکەشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

ڕەنگدانەوەی هەستی کات و ئارامی و قووڵایی شاعیرانە و سەرنجڕاکێشی بە دیمەنەکە دەبەخشێت.

هەروەها لە ساڵی (2024) هونەرمەند(ڤینۆس اسماعیل) (شێوە 14)تابلۆکیەکی بە هونەری ژمارەیی ئەنجامداوە، کە تیایدا ڕابردوو و ئێستا لە تێکەڵاوبوونی تەلارسازی مێژوویی وەکو قەڵاو مەنارە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دووکەڵی چری کارگە مۆدێرنەکان نیشان دەدات، لە کەشێکی زەردباوی تاریکدا ئاماژە بە خنکاندن و پیسبوونی ژینگە و لەدەستدانی ناسنامە لە سایەیی پیشەسازیەکان و بەرهەمهێنانی نەوت کردووە، وەک هەڕەشەیەک لەسەر کەلەپوور تەلارسازیی قەڵاو مەنارەی خۆڕاگر لە شاری هەولێر دەردەبڕێت. هەروەها چەندین هونەرمەندی تر شێوەی تەلارسازی مەنارەیان لە نێو تابلۆکانیان دەربڕیوە وەک (حسین عبدلله، سلێمان شاکر، ڕەوەند جعفر، نەژاد کەوکەز، ئومید سعید، ..هتد).


(دارا محمد علی- شێوە11)


(نامق علی- شێوە12)


( عبدالرحمان میرزا- شێوە13)


(ڤینۆس اسماعیل- شێوە 14)

## 3-3- ئاماژەکانی چوارچیوەی تیۆری:

1. فەلسەفەی ئیسلامی لە چوارچیوەی جوانی و کامڵبوونی پەروەردگار سەرچاوەی گرتووە، لە دەرکەوتنی تایبەتمەندییە جوانەکانی خودا، کە ئەمەش شێوازێکی ئاینی ڕۆحی ئیسلامی بە هونەر و تەلارسازی بەخشی.
2. تەلارسازی منارەی ئیسلامی سیما و ڕۆحیی لە سەرانسەری جیهانی یەکگرتوو بوو، بەڵام شێوازیان جۆراوجۆرە و تایبەتە بە ناوچەکان، بە پێی کەلتوور و شارستانیە جیاوازەکان، چونکە لە سەرەتا تێکەڵ بوو بە کەلتووری شارستانیەتەکانی پێش خۆی وەکو ڕۆمانی و بیزەنتی ساسانیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. منارەی مزەفەریە گوزارشت لە شێوازی تەلارسازی سەلجوقی ئیسلامی دەکات، کە بە یەکێک لە شێوازەکانی فارسی لە دروستکردنی منارە و تایبەتمەندی جوانی ئیسلامی دادەنرێت، وەکو یەکبوون و دووبارەبوونەوەی ئەندازەیی و بەرزی منارە دەناسرێتەوە.
4. دەربڕینی شێوازی هونەریی تەلارسازی منارەی مزەفەریە لەنێو هونەرمەندانی کورددا وەک وێنەیەکی دۆکیۆمێنتاری مێژوویی دەستی پێکرد، دواتر پەرەی سەند بۆ بەرجەستەکردنی تایبەتمەندییەکانی شاری هەولێر وەک هێمایەکی دیاری کەلتووری ورۆشنبیری وکۆمەڵایەتی ونەتەوایەتی لە شارەکەدا.
5. زۆربەی جار هونەرمەندانی کورد بەها جوانی تەلارسازی منارە لەگەڵ قەڵا بەیەکەوە لە تابلۆیەکدا دەربڕیوە، وە کو سیمبولی ئاینی ئیسلام و مێژوویی و شوێنەوار.
6. بەهای جوانیناسانەی تەلارسازی منارە هەر لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئیلهام بەخشە بۆ هونەرمەندان تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە، بە چەندین شێوازی هونەری دەریانبڕیووە، هەروەها دەربڕینی منارە لە تابلۆکانیاندا لە هەموو کێشە و ڕووداوەکانی ئاینی و نیشتمانی و ژینگەیی بەشایەتێکی شاری هەولێر داناوە .

## 4- چوارچیوەی میتۆدی توێژینەوە:

**1-4کۆمەڵگای توێژینەوە:** توێژەر کۆمەڵگای توێژینەوەی دەستنیشانکرد لە تابلۆکانی (منارەی مزەفەریە): (فیصل عثمان، حمید جمال، بەهێز نامق) وەکو هونەرمەندانی شاری هەولێر.

**2-4- میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی (وەسفی شیکاری) بۆ شیکردنەوەی نمونەکانی ئەم توێژینەوە بەکارهێناوە.

**3-4- شیکردنەوەی نمونەکان:** لەسەربنەمای چەند پێوەرێکە(چاوپیاخشاندنی ڕووکاری نمونەکە، بەهای جوانیناسی، دەربڕینی تەلارسازی ئیسلامی).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:



**نمونەی ژمارە (1)**

**هونەرمەند: فیصل عثمان**

**ناونیشان : منارەی مزەفەریە**

**ماتریال: ڕەنگی ئاوی لەسەر کانسن**

**پێوانە: 80x60 cm**

**ساڵ: 2020**

لەم تابلۆیە دیمەنی تەلارسازی منارەیەکە بە شێوازی ئیمپرسیۆنیزم وەکو شوێنەوارێک لە ناوەڕاستی سروشتێکی ئارام دەربڕیوە، هەروەک شوێنەواربێت، وادیارە بە تێپەڕبوونی کات لەسەرەوە دارماوە، بەڵام هێشتا بەرزە، ڕەنگی ئاوی شین و تاریک کەشێکی ئارامی دروست دەکات. لە بەشی پشتەوەی تابلۆکە شەبەنگی شارێک بە کاڵی دەردەکەوێت هەروەها شێوەی خانوێکی ڕۆژئاوای لەگەڵ منارەیەک کێشاوە، وەک ئەوەی لەناو تەمدا کاڵ ببێتەوە، بەشی خوارەوەی منارەکە بە سەوزایی دەوەدراوە.

دەربڕینی جوانی تەلارسازی لەم تابلۆیەدا لە چەند توخمێکی هونەری دەردەکەوێت، منارەیەکیی ڕووخاو وەکو سیمبولیزمی مێژووی ئاماژە بە ڕەگی تەلارسازی ڕابردوو دەکات، لەهەمانکاتدا ڕەهەندێکی ڕۆحی بە پێ بەخشیوە. ئەم جۆرە تەلارسازیە ئاماژە بە گرنگی و خانەدانی و خۆڕاگری دەکات، دەربڕینی تەلارسازی منارە بە ڕەنگی هارمۆنی لەگەڵ دیمەنی سروشتی هاوئاهەنگە وەک تەواوکەری سروشت و ژینگەی دەوروبەر، لە نێو درەختەکان و سەوزایەکەدا بە تەواوەتی زاڵە، شێوەی ستوونی هێلەکانی بەشی خوارەوەی منارەکە هەستێکی بەهێز و بەرزیی دەبەخشێت، لە کاتێکدا توخمەکانی سادە ساکارن.

بەکارهێنانی لێهاتووی هونەرمەند بۆ ڕەنگی ئاوی و ڕەنگە گەرمەکان (وەک پرتەقالی و قاوەیی) لە منارەکەدا بەرەو ڕەنگی سارد لە باکگراوندەکە (شین و خۆڵەمێشی) هاوسەنگی کردووە، بەمەش تەلارسازیەکە سەرنجڕاکێش بووە لە ناوەڕاستی دیمەنەکەدا، تایبەتمەندییەکانی تەلارسازی ئیسلامیە لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ڕازاندنەوە بەبێ زیادەڕەوی، جوانیشی تەنها لە فۆرمدا نییە، بەڵکو لە هەستە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

دەربڕینی منارەی مزەفەریە وەکو تەلارسازی ئیسلامی تایبەتمەندی هونەری هەڵدەگرێت، سەرەڕای سادەیی شێوەی ستوونی منارەکە ڕەنگدانەوەی کرداری ڕۆحی ئیسلامە، کاتێک بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، لە هێمایەکی ڕوونی پەیوەندی بە پەروەردگارو بانگدانە، دەربڕینێکی باوە لە منارە ئیسلامییەکاندا. شێوازی بەشی خوارەوەی منارەکە بە هێڵی نەرم و کەوانەیی بچووک ڕازێنراوەتەوە، ئاماژەیە بە شێوازی نەریتی منارە ئیسلامییەکان کە بانگدار لە ژێریدا بۆ بانگدان وەستاوە، تەنانەت توخمی جوانی ئیسلامیی لە تەلارسازیدا ڕازاندنەوەی هێمن و سادەیە هەرچەندە تابلۆکە بە ڕەنگی ئاویە و خۆی لە وردەکارییەکان دوور دەخاتەوە، بەڵام ئاماژەکان بۆ بەکارهێنانی هێڵی ئەندازەیی و ڕووەکین، دوورنیە لە ڕازاندنەوە و دەربڕینی ئیسلام و شێوازی ئەبستراکت کاتێک خۆیان لە وێنەکێشانی ڕوون و ئاشکرا دوور دەگرن.



**نمونەی ژمارە (2)**

**هونەرمەند: حەمید جمال**

**ناونیشانی کاری هونەری: منارەی مزەفەریە**

**ماتریال: ڕەنگی ئەکرلیک لەسەر کانڤاس**

**پێوانە: 60X100 CM**

**ساڵ: 2024**

هونەرمەند دیمەنێکی کراوە و ئارام و بێدەنگی دەربڕیوە، سوارچاکێک بە تەنها لە دەشتێک لەسەر ڕێگایەکی خۆڵ دەڕوات کە بەلای منارەیەک تێدەپەڕێت وەکو شوێنەوار دەردەکەوتووە. ئەو ڕەنگانەی لە تابلۆدا بەکارهاتوون ئاماژە بە جوانی سروشت دەکەن لە ڕۆژدا، هەوری ئاسمان و ڕەنگی شین وسپی، زەرد و کەمێک گوڵ و گوڵزاری خۆرسک و سەوزایی زەوی دادەپۆشێت، لە ناوەڕاستی تابلۆکەدا لە دوورەوە لەسەر هێڵی ئاسۆ قەڵای هەولێر دەردەکەوێت.

جوانی تەلارسازی لەم تابلۆیەدا لە سادەیی تەلارسازی شوێنەواریدا دەردەکەوێت کە لە سروشتدا بەرز وەستاوە و تەوەرێکی بینراوی بەهێز لە کارەکەدا پێکدەهێنێت، وەکو سیمبولێک منارەکە ڕەهەندێکی مێژوویی ڕوون بەرجەستە دەکات، وەک ئەوەی شوێنەواری شارستانیەکی کۆن بێت کە پێشتر دەوڵەمەند بوویێت. ڕەنگدانەوەی دێرینی و پتەوی تەلارسازی سەرەڕای گۆڕانی کات، تایبەتمەندییەکی هارمۆنی جوان دەبەخشێت بۆ دیمەنی سروشت و ڕەنگەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

زەوی و ژینگەی دەوروبەردا زۆر گونجاوە. ئەم هاوئاهەنگییە هاوسەنگییەکی بینراو لەنێوان تەلارسازی و سروشت دروست دەکات و جوانی سادەیی و کارایی و بێهاوتا و تەنیایی تەلارسازی نەریتی دەردەخات بەتایبەتی لە ناوچە لادێییەکان، کە کەرەستەی خۆماڵی وەک قوڕ یان خشت بەکاردەهێنرێت، منارەکە شێوەیەکی سادەی هەیە، بێ زەخرەفە بەڵام بێ بەش نیە لە جوانی و شکۆ کە ڕۆحیەتی پێ دەبەخشێت و دەیکات بە شایەتێکی بێدەنگ بۆ مێژوو.

منارەیە لەم تابلۆیەدا بەرجەستەیەکی ڕوونی تەلارسازی ئیسلامیە و دەتوانرێت لە چەند ڕەهەندییەکی هونەری و جوانی و ڕۆحی و شێوەی ستوونی و پەیوەندی نێوان زەوی و ئاسمان لە تابلۆکەدا بەدی بکەین. یان وەک ئەوەی نوێژێکی بێدەنگ بێت یان بانگەوازێکی بەردەوام بێت کە لە زەوییەوە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، دەربڕینێکی جوانی سیمبولی ڕۆحانیەت و باوەڕی یەکتاپەرستیە، بەڵام جوانیی گرنگی کەلتووری و ناسنامەی شارستانی منارە تەنها توخمێکی تەلارسازی نییە، بەڵکو هێمای ناسنامەی ئیسلامی و بوونی ئاینیە لەم ناوچەیە فراوانەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم خاکە پێشتر باوەڕی ئیسلامی و شارنشینی تێدا نیشتەجێ بووە، ئەمەش ڕەهەندێکی کلتوری و مێژوویی قووڵ بە تابلۆکە دەبەخشێت.



**نمونەی ژمارە (3)**
**هونەرمەند: بەهێز نامق علی**
**ناونیشان: منارەی مزەفەریە**
**ماتریال: ڕەنگی زەیتی لەسەر کانڤاس**
**پێوانە: 55x75 CM**
**ساڵ: 2022**

هونەرمەند دیمەنێکی پانۆرامای شاری هەولێر دەربڕیوە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک خانوو لە شێوازی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوا، قەڵایی هەولێر لە بەشی سەرەوەیە، لە کاتێکدا منارەی مزەفەری بە شێوەیەکی بەرچاو لە لای چەپی دیمەنەکەیە. تابلۆکە بە ڕەنگی گەرم و هەستکردن بە هەڵچوونی ڕەنگ بە شێوازی ئیمپرێسیۆنیزمە. ڕەنگەکانی نێوان سەوز، زەرد و مۆر هاوسەنگییەک لەنێوان سروشت و شاردا دەردەخات، وەک بەڵگەنامەیەکی بینراوە کە یادەوەری کەلەپوور و ژیانی ڕۆژانە تێکەڵ دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

بەهای جوانیی تەلارسازی تەختی سەربانەکان و ڕەنگی خاکی دەردەکەون، کە لەگەڵ سروشتی دەوروبەردا دەگونجێن و گوزارشت لە سادەیی و کرداری دەکەن، منارەی مزەفەریە توخمێکی ستوونی دیارە لە پێکهاتەکەدا وخاڵێکی چەقی بینراو پێکدەهێنێت، کە بە شێوەیەک هێلی ستوونی کۆنتراستە لەگەڵ درێژبوونەوەی ئاسۆیی خانووەکان و قەڵا. جوانی منارەکە لە دیزاینی باریک بارستەکەیە، کە ئاماژە بە بەرزی ڕۆحی دەکات لەگەڵ قەلا لە پشتەوە وەک هێمای هێز و خۆڕاگری دەردەکەوێت، هاوسەنگییەکی بینراو لەنێوان ڕۆحی و مێژوویدا دروست دەکات. ڕەنگ وفڵچە لێدانی ئیمپرێسیۆنیزم ڕەهەندێکی دەربڕین لە ئامادەیی ئەم تەلارسازیانە بەهێز دەکات و لە چوارچێوەی شاردا ژیانیان پێ دەبەخشێت.

منارەی مزەفەریە لەم تابلۆیە هێمایەکی ڕۆحیە پێکهاتەی بەسەر شاردا بەرز دەبێتەوە، و بوونی ئاینی ئیسلامی لە دڵی ژینگەی کوردیدا بەرجەستە دەکات. بەرزی منارەکە لە نێو خانووە نزمەکاندا ڕەهەندێکی سیمبولی پێدەبەخشێت کە ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی ڕۆحی و پەیوەندی بە خوداوە هەیە، و ئەرکی مێژوویی ڕێنمایی و بانگەوازی دەردەخات، منارە لێرە تەنها توخمێکی تەلارسازی نییە، بەڵکو نمایشێکی بینراوی ناسنامەی ئیسلامییە کە لە تابلۆکەدا دەردەکەوێت وەک ئەوەی چاودێری شارەکە بکات لە هەموو بارودۆخە سیاسیەکانی نەتەوەی کورد و بیپارێزێت، هەروەها ڕەهەندێکی ئاسمانی دەبەخشێت کە ڕەنگدانەوەی ڕۆحی باوەڕە لە ژیانی ڕۆژانە، نیشاندەری زمانی پەیوەندی کولتووری نێوان سەردەمەکان و پێکهاتنی تەلارسازی جوانیناسی نێوان هونەر و تەلارسازی بەتایبەتی هەڵبژاردنی ڕەنگی گەرم لەلایەن هونەرمەندەوە ئەم هەستە ئارامی و پیرۆزییە بەهێز دەکات.

## 5- ئەنجامەکان:

1- بەهای جوانی تەلارسازی منارە وەک ڕەگەزێکی ناسنامە ئامادەیە لە نێو وێنەکێشانی هونەرمەندانی کورد سەرەڕای دووڕکەوتنەوە لە ووردەکاری و زەخرەفە، بەڵآم تایبەتمەندییەکانی تەلارسازی ئیسلامی وەک توخمێکی ئایینی و مێژووی و سیاسی شوێنەواری دەریانبڕیوە. وەکو نمونە(1،2،3).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- بەهای جوانی تەلارسازی منارە لە وێنەکێشاندا گونجاندنە لە گەڵ دیمەنی سروشتی وەکو نمونە (2،1) و دیمەنی دەستکرد دەربڕینی شارستانیەت لە نمونە(3). ئەمەش وەکو بەشێک لە فەلسەفەی تەلارسازی ئیسلامی کە لەسەر کارلێکی هاوئاهەنگ لەگەڵ سروشت ژینگە دامەزراوە، نەک زاڵبوون بەسەریدا.

3- بەهای جوانی تەلارسازی منارە لە وێنەکێشاندا وەکو سیمبولیزمی کات و مێژوو ڕابردوو و ئێستا دەردەبڕێت، بوو بە هێمایەک بۆ مانەوەی یادەوەری مێژوویی و ئایینی ئیسلام سەرەڕای گۆڕانکارییەکانی ژینگەی دەوروبەر. وەکو نمونە(2،3).

4- هۆشیاری هونەرمەند لە بەها جوانییەکانی تەلارسازی ئیسلامی جەخت لەسەر گرنگی گەڕانەوە بۆ شوناس دەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر دەربڕینی منارە لە واقعی شاری هەولێر. وەکو نمونە(1،2،3).

5- هونەرمەندانی کورد منارەی مزەفەریە لەگەڵ قەڵا دەربڕیوە، چونکە بەهای جوانی تەلارسازی و گرنگی وەکو شوێنەوار وخۆشەویستی و ئینتیما و ناسنامە و سیمبول لە لایەن هونەرمەندان نیشان دەدات. وەکو نمونە(2،3).

6- بەهای جوانی منارەی مزەفەریە لە وێنەکێشاندا لە سادەیی و هاوئاهەنگی ژینگەدا هەیە، خۆشگوزەرانی لە ڕادەبەدەر زیادەڕۆیی لە ڕازاندنەوە هەڵناگرێت، بەڵکو سادە و گونجاوە لەگەڵ ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی جوانی ئیسلامیی گونجاوە، وەکو نمونە(1،2،3).

7- دەربڕینی تەلارسازی منارە مزەفەریە لە تابلۆی هونەرمەندانی کوردا بەشێوازی ئیمپرسیۆنیزمە، هەروەها دیمەنی سروشت و ڕەنگەکانی زەوی و ژینگەی دەوروبەری منارە هاوئاهەنگە هاوسەنگییەکی بینراو لەنێوان تەلارسازی و سروشت دروست دەکات. وەکو نمونە (3،2،1).

**1-5- ڕاسپاردن:**

1. گەڕان بەدوای ڕێبازو بنەمای نوێ بۆ هونەرمەندان کە جەخت لەسەر تەلارسازی دێرینەکان بکەن وەک سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئەوەی شوێنەوار وهونەری شێوەکاری هاوچەرخ لە کوردستان دەوڵەمەند بکات، هەروەها بۆ قوتابیان وهونەرمەندان وتوێژەران گرنگە لایەنی هونەریی جوانی تەلارسازی ئیسلامی و مۆدێرن لە نێو وێنەکێشانیاندا دراسەبکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
:ژمارەی تۆماری نێودەڵەتیISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2.** لێکۆڵینەوە و چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەن هونەرمەندانی کورد لەڕێگەی تیشک خستنە سەر بابەتی تابلۆکانیان کە پێکهاتەی نەتەوەیی و کەلەپووری و شوێنەواری و ئایینی دەربڕن، بە تایبەتی شوێنەوار و تەلارسازی ئیسلامی.

## 2-5- پێشنیاز

- بەهای جوانی سیمبول لە تابلۆی تەلارسازی مزگەوت لە کوردستاندا

## سەرچاوەکانی توێژینەوە


Rich, C. J. (2002). *Rich’s Travels in Kurdistan* (M. Hama Baqi, Trans., 3rd ed.). Erbil: Aras Publishing House.

Mohammadi, A. (2017). *Encyclopedia of Modern and Contemporary Art* (1st ed.). Mahabad: Mang Press.

Penjwini, A. S. A. (2016). *The Fine Arts in Islam* (1st ed.). Erbil: Tafsir Printing House.

Aywazulla, A. M. (2023). *The Static and Philosophical Foundations of Islamic Art* (1st ed.; F. A. Jalal & S. A. Jalal, Prefaces). Sulaymaniyah: Zahawi Center Publications.

Ibn Manzur. (2003). *Lisan al-ʿArab* (Vol. 15). Beirut: Dar Sader.

al-Hamawi, Y. (1995). *Muʿjam al-Buldan* (2nd ed.). Beirut.

Dawud, M. M. (2003). *Muʿjam al-Taʿbir al-Istilahī fi al-ʿArabiyya al-Muʿasira*. Cairo: Dar Gharib li-l-Tibaʿa wa-l-Nashr.

Ibn Faris, A. al-F. (n.d.). *Maqayis al-Lugha* (Vol. 1). Beirut: Dar Ihya’ al-Turath al-ʿArabi.

Majmaʿ al-Lugha al-ʿArabiyya. (2004). *al-Muʿjam al-Wasit* (4th ed.). Cairo: Maktabat al-Shuruq al-Duwaliyya.

Majmaʿ al-Lugha al-ʿArabiyya. (2011). *al-Muʿjam al-Wasit* (5th ed., Vol. 1). Cairo: Majmaʿ al-Lugha al-ʿArabiyya.

Muslim ibn al-Hajjaj. (2001). *Sahih Muslim: Kitab al-Iman*. Beirut: al-Maktaba al-Misriyya.

Abu Dabsah, F., Ghayth, K. B. & al-Samadi, M. A. (2010). *Falsafat ʿIlm al-Jamal ʿAbra al-ʿUsur*. Amman: Maktabat al-Mujtamaʿ al-ʿArabi.

al-Bahnasī, ʿA. (1997). *Athar al-Jamaliyya al-Islamiyya fi al-Fann al-Hadith* (1st ed.). Cairo: Dar al-Kitab al-ʿArabi.

al-Tawhidi, A. H. (2019). *al-Imtaʿ wa al-Mu’anasa* (A. Amin & A. al-Zayn, Eds.). Cairo: Mu’assasat Hindawi.

Santayana, G. (2011). *The Sense of Beauty: Outline of Aesthetic Theory* (M. M. Badawi, Trans.). Cairo: al-Markaz al-Qawmi li-l-Tarjama.

al-Sarraj, A. (2015). *al-ʻImara al-Islamiyya: Khasaʼisuha wa Atharuha*. Gaza: al-Kitab al-Jamiʻi.

al-Shafiʻi, ʻA. al-G. al-N. (1984). *Mustalahat fi al-Fann wa al-Tarbiyya al-Fanniyya*. Riyadh: King Saud University Press.

ʻAbbasi, R. ʻA. al-M. (1987). *al-Qiyam al-Jamaliyya*. Alexandria: Dar al-Maʻrifa al-Jamiʻiyya.

ʻUkasha, T. (1994). *al-Qiyam al-Jamaliyya fi al-ʻImara al-Islamiyya* (1st ed.). Cairo: Dar al-Shuruq.

al-Ghazali, A. H. (2004). *Ihyaʼ ʻUlum al-Din* (Vol. 3). Beirut: Dar al-Maʻrifa.

Qalaʻaji, ʻA. al-F. R. (1991). *Madkhal ila ʻIlm al-Jamal al-Islami* (1st ed.). Beirut: Dar Qutaiba.

al-Misbahī, M. (2013). *Falsafat Ibn Sina* (2nd ed.). Beirut: Markaz Dirasat al-Wahda al-ʻArabiyya.

Muʼnis, H. (1986). *Taʼrikh al-Jughrafiyya wa al-Jughrafiyyin fi al-Andalus* (2nd ed.). Cairo: Arab League Educational, Cultural and Scientific Organization.

Nasrah, S. M. M. (2025). *al-Jamal wa al-Fann fi al-Fikr al-Islami* (1st ed.). Alexandria: Dar al-Wafaʼ.

Leaman, O. (2004). *Islamic Aesthetics: An Introduction*. Edinburgh: Edinburgh University Press.

Janson, H. W. & Davies, P. J. E. (2007). *Janson's History of Art: The Western Tradition* (7th ed.). Upper Saddle River, NJ: Pearson Prentice Hall.

Baker, V. E. (2013). *Kurdish Themes in the Works of Orientalist Artists: Their Content and Artistic Features* (Unpublished Master's Thesis). Erbil: University of Salahaddin, College of Fine Arts.

Labib, A. M. A. (2023). Reviving aesthetic values in Islamic architecture and innovating decorative patterns for contemporary architecture. *Journal of Architecture, Arts, and Humanities*, 8(9).

Mahdi, Q. J. (2019). The aesthetics of process in Islamic ornamentation (Al-Hussainia Shrine as a model). *Lark*, 9(3), 292–311. https://doi.org/10.31185/lark.Vol2.Iss25.1066

Abdulwahab, S. (2020). Al-Mudhafariya Minaret: An Islamic and historical landmark. *Al-Sabah Newspaper*, 23 December.

https://www.facebook.com/kurdishvisualartist2025 -6 -30.

https://www.facebook.com/photo/?fbid=10158838101954270&set=a.10158146219059270 2025- 7-4 .

- https://www.facebook.com/search/top?q=kurdistan art -7 -2025-7.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Expressive Aesthetic Values in the Painting of Islamic Architecture

## (The Muzaffariya Minaret in Erbil as a Model)

**Venus Esmail Baker**
Department of Plastic Art، College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.
Email: venus.baker@su.edu.krd

## Abstract

The aim of this study is to reveal the aesthetic and expressive values in the painting of Islamic architecture, taking the Al-Muzaffariya Minaret in Erbil as a model. Then, the problem and significance are identified, and the basic concepts of the research are defined, where the aesthetic values in Islamic philosophical thought are discussed, and the reflection of these values on the artistic paintings of Islamic minaret architecture. The study also includes a brief history of the Seljuk-style Al-Muzaffariya Minaret, with a focus on how it inspired a group of artists in Hawler to express architecture in their paintings. To achieve the objectives of the study, the descriptive and analytical method was used to analyze three artistic models. The results of the study showed that the aesthetic values in Islamic architecture, as embodied in the Al-Muzaffariya Minaret, represent a historical and spiritual symbol reflected in the paintings of Erbil artists, which helped in representing the cultural and archaeological identity. The aesthetic values of balance, simplicity, harmony with nature, and avoidance of exaggeration in decoration also appeared, which are among the philosophical aesthetic characteristics in the Islamic religion. The study illustrates the close relationship of the minaret with religion, heritage, spirit, and history, as reflected in the paintings, considering it part of the collective memory of the Erbil community. Its influence appears in Kurdish painting art, considering it a living witness to the integration of Islamic architecture with beauty, spiritual values, and civilizational identity. Therefore, the researcher recommends that artists focus on architecture as a source of inspiration for contemporary visual arts and

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی:

work on developing their artistic works in line with current changes and developments.

***Key words:*** *Aesthetic, Expressive, Painting, Architecture, Minaret*

# القيم الجمالية التعبيرية في رسم العمارة الإسلامية
# (منارة مظفرية في أربيل أنموذجًا)

## ملخص

الهدف من هذه الدراسة هو الكشف عن القيم الجمالية والتعبيرية في رسم العمارة الإسلامية، مع أخذ المئذنة المظفرية في أربيل أنموذجا. ثم يتم تحديد المشكلة والأهمية، وتعريف المفاهيم الأساسية للبحث، حيث تناقش القيم الجمالية في فكر الفلسفة الإسلامية، وانعكاس هذه القيم على الرسوم الفنية لعمارة المئذنة الإسلامية. كما تتضمن الدراسة نبذة عن تاريخ المئذنة المظفرية ذات الطابع السلجوقي، مع التركيز على كيفية إلهامها لمجموعة من الفنانين في أربيل للتعبير عن العمارة في رسومهم. ولتحقيق أهداف الدراسة، تم استخدام المنهج الوصفي والتحليلي لتحليل ثلاثة نماذج فنية. وقد أظهرت نتائج الدراسة أن القيم الجمالية في العمارة الإسلامية، كما تجسدت في المئذنة المظفرية، تمثل رمزا تاريخيا وروحيا انعكس في رسوم فناني أربيل، مما ساعد في تمثيل الهوية الثقافية والأثرية. كما ظهرت القيم الجمالية للتوازن، والبساطة، والتناغم مع الطبيعة، والابتعاد عن المبالغة في الزخرفة، وهي من الخصائص الجمالية الفلسفية في الدين الإسلامي. وأظهرت الدراسة العلاقة الوثيقة للمئذنة بالدين، والآثار، والروح، والتاريخ، كما تظهر في اللوحات، باعتبارها جزءًا من ذاكرة المجتمع في أربيل. ويبرز تأثيرها في فن الرسم الكوردي، باعتبارها شاهدًا حيًا على دمج العمارة الإسلامية بالجمال والقيم الروحية وهوية الحضارة. لذلك، يوصي الباحث الفنانين بالتركيز على العمارة كمصدر إلهام للفنون البصرية المعاصرة، والعمل على تطوير أعمالهم الفنية بما يتماشى مع التغيرات والتطورات الراهنة.

**الكلمات المفتاحية:** الجمالية، التعبيرية، الرسم، العمارة، المنارة